Kurdish Institute for Elections
پەیبانگەی گوردی بۆ هەڵبژاردن

STEP
for Democracy and Elections

هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی بەرازیل

تشرینی یەکەمی 2026



- **ناونیشان:** هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بەرازیل
- **ئامادەکاران: - سەربەست مستەفا:** سەرۆکی ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن
  - ئارام جەمال: سەرۆکی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE
- **جۆری بابەت:** هەڵبژاردن و دیموکراسی
- **بەرواری دەرچوون:** ئۆکتۆبەری 2026

لە بلاّوکراوەکانی ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن - پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن



پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE

ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆی قازانجنەویستە، ناوەڕاستی ساڵی (2002) لەلایەن چەند یاساناس و پارێزەرێکەوە دامەزرێنراوە، هەوڵدەدات لە پێناو بلاّوکردنەوەی هۆشیاریی مەدەنیی دەنگدەران و پشکداریی لە هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردنە گشتییەکان و چاودێریکردنی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان.

ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن

ڕێکخراوێکی نیشتمانیی سەربەخۆی ناحکومی قازانجنەویستە و چاودێریی هەڵبژاردنە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات و خۆبەخشانە هەوڵدەدات لەپێناو بەرزکردنەوە و بلاّوکردنەوەی هۆشیاریی لە بوارەکانی هەڵبژاردن، دیموکراسی و حوکمڕانی باشدا.

بۆ پەیوەندیکردن:
/ 07504840094770157321O

پێڕست

پێشەکی 5
چێوەی یاسایی هەڵبژاردنەکان 6
بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان 7
ماوەی دەسەڵاتی سەرۆکی کۆمار 7
ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان 7
1 . ئەنجومەنی نوێنەرانی فیدراڵی 7
2 . ماوەی دەسەڵاتی ئەنجومەنی نوێنەران 7
3 . ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی پیرانی فیدراڵی 8
4 . ماوەی دەسەڵاتی ئەنجومەنی پیران 8
5 . پێکهاتەی کۆنگرێس و هەڵبژاردنەوەی ئەندامان 8
سیستمی هەڵبژاردن (Electoral System): 8
1 . سیستمی هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆمار و جێگرەکەی 8
2 . هەڵبژاردنی پارێزگاران و سەرۆکانی شارەوانییەکان 8
3 . هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی پیران 8
4 . هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی نوێنەرانی فیدراڵی و یاسادانەرانی ویلایەتەکان و شارەوانییەکان 9
کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان و دەستبەکاربوونی سەرۆکی کۆمار 9
مەرجەکانی کاندیدبوون بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمار 9
دیاریکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن 10
دەنگدانی هاوڵاتیانی بەرازیل لە دەرەوەی وڵات 10
مەرجەکانی دەنگدەر 11
تەمەنی دەنگدان و مافی بەشداری لە هەڵبژاردن 11
مەرجەکانی کاندیدبوون لە هەڵبژاردنەکاندا: 11
میکانیزمی دەنگدان 12
دەنگدانی کەسانی نەخوێندەوار 13
دەنگدانی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت 13
میکانیزمی ژماردنەوە و هەژمارکردنی دەنگەکان 13

ماوەی دەنگدان 14
ژمارەی بنکەکانی دەنگدان 14
هەڵمەتی هەڵبژاردن 14
1 . کاتی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن 14
2 . بانگەشەی میدیایی 14
3 . بانگەشەی دیجیتاڵی 14
4 . سنووردارکردنی بەکارهێنانی سەرچاوە گشتییەکان 14
5 . ڕێکخستنی چالاکییەکانی بانگەشەکردن 14
خەرجی و دارایی دابینکردنی هەڵبژاردن 15
چاودێریی هەڵبژاردنەکان: 15
أ. چاودێریی نێودەوڵەتی 15
ب. چاودێریی ناوخۆیی 16
تانەکانی هەڵبژاردن و یەکلاکردنەوەیان 16
1 . تانەدان لە ڕواناماەی دەرچوونی کاندیدی براوە 16
2 . تۆمارکردنی داوای یاسایی بۆ لابردنی کاندیدی براوە 16
3. تانەدان لە دژی تۆمارکردنی کاندید و سەرپێچییەکانی بانگەشە و ڕێکارەکانی دەنگدان 17
دەزگاکانی یەکلاکردنەوەی سکاڵاکانی هەڵبژاردن 17
1 . دادگای باڵای هەڵبژاردن (TSE) 17
2 . دادگاکانی هەڵبژاردنیی هەرێمی (TREs) 17
3. دادگای هەڵبژاردنی پلە باڵا 17
پەسەندکردن و پشتڕاستکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن 18
ئەنجامەکانی خولی یەکەم و دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی بەرازیل (2026) 18
هەڵبژاردنی خولی یەکەمی سەرۆکایەتی بەرازیل: 18
ئەنجامەکانی خولی یەکەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بەرازیل 19
ئەنجامەکانی خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بەرازیل 20

پێشەکی

بەرازیل بە یەکێک لە گەورەترین دیموکراسییەکانی ئەمریکای لاتین دادەنرێت. ئەم وڵاتە لە تشرینی یەکەمی ساڵی 2026دا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی بەخۆوە بینی؛ هەڵبژاردنێک کە بە ڕکابەرییەکی سیاسیی توند لەنێوان سەرۆک "لولا دا سیلڤا"، کاندیدی پارتی کرێکاران (پارتێکی خاوەن ئاراستەی چەپ) و فلافیو بولسۆنارۆ، کاندیدی پارتی لیبراڵ، کە بەردەوامیی ڕەوتی ڕاستڕەوی پەیوەست بە خێزانی بولسۆنارۆ نوێنەرایەتی دەکات.

خولی دووەمی هەڵبژاردن، کە لە 25ی تشرینی یەکەمی ساڵی 2026 بەڕێوەچوو، بە هەڵبژاردنەوەی لولا دا سیلڤا کۆتایی هات؛ ئەو توانیی 51.79٪ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، لە بەرامبەر 48.21٪ی دەنگەکانی فلافیو بولسۆنارۆدا. ئەم ئەنجامە ئاماژەیە بۆ نزیکیی ڕێژەیی لە ئاستی پشتیوانیی جەماوەریی هەردوو کاندید و بەردەوامیی ڕکابەری لەنێوان دوو ئاراستەی سیاسیی جیاوازدا لە کۆمەڵگەی بەرازیل.

جیاوازیی نێوان هەردوو کاندید تەنها لە خاوەندارێتی حیزبی یان بەرنامە سیاسییەکانیاندا کورت نابێتەوە، بەڵکو بنەمای کۆمەڵایەتی، پەروەردە و پێگەیاندنی کەسی، ڕەوتی پیشەیی و مێژووی سیاسیی هەر یەکەشیان دەگرێتەوە.

لولا دا سیلڤا لە خێزانێکی کەم دەرامەت لە ویلایەتی پێرنامبوکۆ، لە باکوری ڕۆژهەڵاتی بەرازیل، لەدایک بوو و گەورە بوو. لە تەمەنی منداڵیدا لەگەڵ خێزانەکەیدا بەرەو ویلایەتی ساو پاولۆ کۆچی کرد، بە مەبەستی دۆزینەوەی بارودۆخێکی ژیانی باشتر. دواتر لە بواری پیشەسازییەوە کاری کرد، پاشان وەک ڕابەرێکی یەکێتیی کرێکاران دەری کەوت و بەشداریی لە دامەزراندنی پارتی کرێکاراندا کرد؛ ئەو حیزبەی کە لە ڕووی مێژوویییەوە بە بەرگری لە مافەکانی کرێکاران و چین و توێژە کۆمەڵایەتییە کەمداهاتەکانەوە پەیوەست بووە.

لە بەرامبەردا، فلافیو بولسۆنارۆ سەر بە خێزانێکە کە لە ڕەوتی ڕاستڕەوی بەرازیلدا پێگە و کاریگەرییەکی سیاسیی بەرچاوی هەیە. ئەو کوڕی جائیر بولسۆنارۆ، سەرۆکی پێشووی بەرازیلە. فلافیو بولسۆنارۆ پێشتر وەک ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی ویلایەتی ڕیۆ دێ ژانیرۆ کاری کردووە، پاشان بووەتە ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی فیدراڵی، پێش ئەوەی لە دوا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا بەشداری بکات. ڕەوتی سیاسیی ئەو پەیوەندیی بە ڕەوتێکی پاڕێزخوازەوە هەیە کە لە ڕووی بیرکردنەوە و سیاسەتەوە لە ئاراستەی چەپڕەوی نوێنەرایەتیکراو لەلایەن لولا دا سیلڤادا جیاوازە.

لەسەر بنەمای ئەم پێشینەیە، ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی بەرازیل لە ساڵی 2026 بخاتە ژێر لێکۆڵینەوە؛ ئەمەش لە ڕێگەی شیکردنەوەی سیستمی دەستووری و یاسایی و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانەوە، هەروەها ڕوونکردنەوەی میکانیزمەکانی دەنگدان، جیاکردنەوە و ژمارەوەی دەنگەکان، چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان و پێداچوونەوەی یاسایی بە ئەنجامەکان. هەروەها، ئەم توێژینەوەیە ئەنجامی کۆتاییی هەردوو خولی یەکەم و دووەمی هەڵبژاردنی سەرکایەتی بەرازیل (2026) دەخاتە بەرباس، بە مەبەستی تێگەیشتن لە سروشتی ڕکابەریی سیاسی لە بەرازیل، بە پشتبەستن بە زانیاری و داتاکانی خوارەوە:

یەکەم: شێوەی دەوڵەت

بەرازیل کۆماریکی فیدراڵییە و لە 26 ویلایەت پێکدێت، جگە لە ناوچەی فیدراڵی کە پایتەختی وڵات، برازیلیا، تێیدا هەڵکەوتووە.

دووەم: دەستووری دەوڵەت

دەستووری ساڵی 1988، کە دەسەڵاتەکانی دامەزراوە فیدراڵییەکان و ویلایەتەکان دیاریدەکات و ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکان و مافە سیاسییەکان لەخۆ دەگرێت.

سێیەم: سیستمی حوکمڕانی

بەرازیل سیستمێکی کۆماریی سەرۆکایەتیی هەیە.

چوارەم: سەرۆکی دەوڵەت

سەرۆکی دەوڵەت سەرۆکی کۆماریشە و سەرۆکایەتیی حکومەتیش دەکات. ئەو بە دەنگی ڕاستەوخۆی هاوڵاتیان هەڵدەبژێردرێت.

پێنجەم: دەسەڵاتی یاسادانان

پەرلەمانی نیشتمانی، کە بە «کۆنگرێسی نیشتمانی» ناسراوە، لە دوو ئەنجومەن پێک دێت: ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران.

چێوەی یاسایی هەڵبژاردنەکان

1. دەستووری کۆماریی فیدراڵیی بەرازیل، ساڵی 1988.
2. یاسای هەڵبژاردن ژمارە 4737ی ساڵی 1965.
3. یاسای هەڵبژاردن ژمارە 9504ی ساڵی 1997.
4. یاسای حیزبە سیاسییەکان ژمارە 9096ی ساڵی 1995.

بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان

بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان لە بەرازیل نموونەیەکە لە بەڕێوەبردنی داوەریی سەربەخۆ، کە لە ڕووی دامەزراوەییەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکاری جیاوازە. ئەم بوارە لەلایەن دەزگای دادپەروەریی هەڵبژاردنەوە بەڕێوە دەبرێت؛ دەزگایەک کە لە دادگای باڵای هەڵبژاردن (TSE) ، وەک دەزگای بەرپرسی چاودێریی نیشتمانی و ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکان، دەستپێدەکات و تا دادگاکانی هەڵبژاردنی هەرێمی (TREs) و داوەرانی هەڵبژاردن بەردەوام دەبێت؛ ئەوانەی بەرپرسی جێبەجێکردنی ڕێکارە ناوخۆییەکان و یەکلاکردنەوەی ناکۆکی و مشتومڕەکانی هەڵبژاردنەکانن.

دادگای باڵای هەڵبژاردن لە حەوت ئەندام پێکدێت. ئەم ئەندامانە بەگوێرەی میکانیزمە دەستوورییەکان، لە نێوان دامەزراوە داوەرییەکان و کەسانی پسپۆڕی بواری یاسادا هەڵدەبژێردرێن و ماوەی خزمەتکردنیان دوو ساڵە؛ نوێکردنەوەی ئەندامێتییانیش بەگوێرەی ڕێسا و مەرجە دیاریکراوەکان ڕێگەپێدراوە.

لەبەر ئەوە، سیستمی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لە بەرازیل بە مانای سەرەکیی وشەکە، نەک وەک بەڕێوەبردنێکی حکومی یان تێکەڵ، بەڵکوو وەک سیستمێکی تایبەتمەندی داوەری بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان پۆلێن دەکرێت.

ماوەی دەسەڵاتی سەرۆکی کۆمار

ماوەی دەسەڵاتی سەرۆکی کۆمار چوار ساڵە و بە دەنگی ڕاستەوخۆی هاوڵاتیان هەڵدەبژێردرێت. هەروەها، ڕێگە بە هەڵبژاردنەوەی بۆ ماوەیەکی دووەمی پەیوەست دەدرێت. ئەگەر هیچ کام لە کاندیدەکان زۆرینەی ڕەهای دەنگەکان بەدەست نەهێنێت، خولی دووەمی هەڵبژاردن بەڕێوە دەچێت. ماوەی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی لە پێنجی کانوونی دووەمی ساڵی دواتری هەڵبژاردنەکەوە دەست پێ دەکات.

ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان

1 . ئەنجومەنی نوێنەرانی فیدراڵی

ئەنجومەنی نوێنەرانی فیدراڵی 513 کورسیی هەیە. کورسییەکان بەگوێرەی ڕێژەی دانیشتووان لەنێوان ویلایەتەکان و ناوچەی فیدراڵیدا دابەش دەکرێن.

2 . ماوەی دەسەڵاتی ئەنجومەنی نوێنەران

ماوەی دەسەڵاتی ئەنجومەنی نوێنەران چوار ساڵە.

3 . ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی پیرانی فیدراڵی

ئەنجومەنی پیرانی فیدراڵی 81 کورسیی هەیە. هەر یەک لە 26 ویلایەتەکە و ناوچەی فیدراڵی بە سێ کورسی نوێنەرایەتی دەکرێن.

4 . ماوەی دەسەڵاتی ئەنجومەنی پیران

ماوەی دەسەڵاتی ئەنجومەنی پیران هەشت ساڵە. لە دوای چوار ساڵ، یەک لە سێی کورسییەکان نوێ دەکرێنەوە و دوو لە سێی کورسییەکانیش لە هەڵبژاردنی گشتیی دواتردا نوێ دەکرێنەوە.

5 . پێکهاتەی کۆنگرێس و هەڵبژاردنەوەی ئەندامان

کۆنگرێسی نیشتمانی لە کۆی 594 ئەندام لە هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران پێک دێت. هەڵبژاردنەوەی ئەندامانی کۆنگرێس ڕێگەپێدراوە و لە دەستووردا هیچ سنووردێکی گشتی بۆ ژمارەی جارەکانی هەڵبژاردنەوەیان دیاری نەکراوە.

سیستمی هەڵبژاردن (Electoral System):

1 . سیستمی هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆمار و جێگرەکەی

سەرۆکی کۆمار و جێگرەکەی بەیەکەوە و لە ڕێگەی لیستێکی هەڵبژاردنیی یەکگرتووەوە بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێن. ماوەی دەستبەکاربوون لە پۆستی سەرۆکایەتی بەرازیلدا تەنها بۆ دوو خولی یەکبەدوای یەکە.

لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا، سیستمی زۆرینەی ڕەها جێبەجێ دەکرێت؛ بەو پێیەی ئەو کاندیدەی لە خولی یەکەمدا زۆرینەی ڕەهای دەنگە دروستەکان بەدەست بهێنێت، براوەی هەڵبژاردنەکە دەبێت. ئەگەر هیچ کاندیدێک ئەم زۆرینەیە بەدەست نەهێنێت، دوو کاندیدی خاوەن بەرزترین ژمارەی دەنگەکان دەچنە خولی دووەم و ئەو کاندیدە براوە دەبێت کە زۆرینەی دەنگە دروستەکان بەدەست بهێنێت؛ واتە لەم خولەدا سیستمی زۆرینەی سادە جێبەجێ دەکرێت.

2 . هەڵبژاردنی پارێزگاران و سەرۆکانی شارەوانییەکان

پارێزگاران و سەرۆکانی شارەوانییەکان بەپێی سیستمی زۆرینەی ڕەها هەڵدەبژێردرێن. ئەگەر هیچ کاندیدێک لە خولی یەکەمدا نەیتوانی براوە بێت، خولی دووەمی هەڵبژاردن بەڕێوە دەچێت.

3 . هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی پیران

ئەندامانی ئەنجومەنی پیران بەپێی سیستمی زۆرینەی سادە هەڵدەبژێردرێن. کاندیدەکان بەگوێرەی ژمارەی کورسییە بەردەستەکان، ئەوانەی بەرزترین ژمارەی دەنگەکان بەدەست دەهێنن، سەرکەوتوو دەبن.

4 . هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی نوێنەرانی فیدراڵی و یاسادانەرانی ویلایەتەکان و شارەوانییەکان

ئەندامانی ئەم دامەزراوانە بەپێی سیستمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی لە ڕێگەی لیستە کراوەکانی کاندیدەکانەوە هەڵدەبژێردرێن، بە بەکارهێنانی فۆرمۆلی «بەهێزترین پاشماوە» بۆ دابەشکردنی کورسییەکان.

کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان و دەستبەکاربوونی سەرۆکی کۆمار

هەڵبژاردنە گشتییەکان لە مانگی تشرینی یەکەمدا بەڕێوە دەچن و سەرۆکی کۆماری هەڵبژێردراو لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی دواتردا دەست بە کار دەکات، بەپێی ئەو بەرواڕەی دەستوورییەی کە لە وڵاتدا جێبەجێ دەکرێت.

مەرجەکانی کاندیدبوون بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمار

دەستوور و یاساکانی هەڵبژاردن لە بەرازیل کۆمەڵێک مەرجی شیاوی یاسایی بۆ کاندیدبوون دیاری دەکەن، کە گرنگترینیان بریتین لە:

1. ڕەگەزنامەی بەرازیلی: کاندید دەبێت خاوەنی ڕەگەزنامەی بەرازیلی بێت و مەرجە بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمار، لە بنەڕەتدا بەرازیلی بێت، واتە ڕەگەزنامەی بەرازیلی بە لەدایکبوون هەبێت.
2. بەهرەمەندبوون لە مافە سیاسییەکان: کاندید دەبێت خاوەنی مافە سیاسییەکانی بێت و هیچ بەربەستێکی یاسایی بۆ کاندیدبوونی نەبێت.
3. تۆماری دەنگدەران: کاندید دەبێت لە تۆماری دەنگدەراندا تۆمارکرابێت و دۆخی یاسایی خۆی لەلایەن دەسەڵاتی هەڵبژاردنەکانەوە ڕێکخستبێت.
4. ئەندامێتی لە پارتێکی سیاسی: کاندید دەبێت ئەندامی پارتێکی سیاسی بێت، چونکە یاسا ڕێگە بە کاندیدبوونی سەربەخۆ لە دەرەوەی پارتە سیاسییەکان نادات.
5. نیشتەجێبوون و ئەندامێتی پارت: کاندید دەبێت لە بازنەی هەڵبژاردنی پەیوەندیداردا نیشتەجێ بێت و پێش هەڵبژاردنەکان، بۆ ماوەیەکی یاسایی دیاریکراو، کە لە بنەڕەتدا شەش مانگە، ئەندامی پارتێکی سیاسی بووبێت.
6. نەبوونی بەربەستی یاسایی بۆ کاندیدبوون: کاندید نابێت هیچ بەربەستێکی یاسایی هەبێت کە ڕێگری لە کاندیدبوونی بکات، لەوانەش هەندێک حاڵەتی مەحکووم‌بوون بە تاوانی سزایی و لەدەستدانی مافە سیاسییەکان، بەپێی یاسای نەشیاوی هەڵبژاردن، کە بە ناوی «یاسای تۆماری پاک (Lei da Ficha Limpa)» ناسراوە.

دیاریکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن

بەرازیل 27 بازنەی هەڵبژاردنیی فرەکورسیی هەیە؛ ئەم بازنانە 26 ویلایەت و ناوچەی فیدراڵی دەگرنەوە و بۆ هەڵبژاردنی 513 ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی فیدراڵی بەکاردەهێنرێن.

ژمارەی کورسییەکان لە هەر بازنەیەکدا لە 8 تا 70 کورسی دەگۆڕێت، بەگوێرەی دابەشبوونی دانیشتووان و ڕێساکانی دەستور. کورسییەکان لە هەر بازنەیەکدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ دابەش دەکرێن، نەک بە پشتبەستن بە کۆی دەنگەکان لە ئاستی نیشتمانی.

بۆ نموونە، ویلایەتی ساو پاولۆ 70 کورسیی هەیە، لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر لە ویلایەتەکان کەمترین ژمارەی کورسی، واتە 8 کورسی،یان بۆ دیاری کراوە.

دەنگدانی هاوڵاتیانی بەرازیل لە دەرەوەی وڵات

هاوڵاتیانی بەرازیل کە لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێن، مافی دەنگدانیان لە هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆمار و جێگری هەیە، بە مەرجێک تۆمارکردنی هەڵبژاردنییەکی کاریگەر و چالاکیان هەبێت و ناوەندی هەڵبژاردنیی خۆیان بگوازنەوە بۆ دەرەوەی وڵات. بەڵام، ئەوان مافی بەشداریان لە هەڵبژاردنەکانی ویلایەتەکان و شارەوانییەکان و پەرلەماندا نییە.

دەنگدان لە دەرەوەی وڵات لە بنکە تایبەتەکانی دەنگداندا ئەنجام دەدرێت؛ ئەم بنکانە دەتوانن لە باڵیۆزخانە یان کونسوڵخانەکانی بەرازیل لە وڵاتانی دیکەدا بکرێنەوە. بە شێوەیەکی گشتی، بۆ کردنەوەی بنکەیەکی دەنگدان بوونی لانیکەم 30 دەنگدەر پێویستە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەندێک حاڵەتی جیاواز.

هەڵبژاردنەکانی دەرەوەی وڵات لەژێر چاودێریی دادگای باڵای هەڵبژاردن (TSE) بەڕێوە دەچن، بە هاوکاریی وەزارەتی دەرەوە. هاوکات لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگدان بە وەکالەت یان بە پۆست ڕێگەپێدراو نییە؛ بۆیە دەنگدەر دەبێت بە شێوەیەکی کەسی لە بنکەیەکی فەرمی و پەسەندکراوی دەنگداندا دەنگ بدات.



مەرجەکانی دەنگدەر

1 .دەنگدەر دەبێت هاوڵاتیی بەرازیل بێت و ناوی لە تۆماری دەنگدەراندا تۆمار کرابێت.

2 .دەنگدان کەسی، ڕاستەوخۆ و نهێنییە و هەر دەنگدەرێک لە هەڵبژاردنەکاندا مافی دەنگێکی یەکسانی هەیە.

3 .دەنگدەر دەبێت بارودۆخی هەڵبژاردنیی خۆی بەپێی ڕێکارە یاساییەکان ڕێک بخات.

4 .دەنگ نەدان بەبێ هۆکارێکی قبوولکراو، یان ڕێکنەخستنی بارودۆخی هەڵبژاردنی، دەتوانێت ببێتە هۆی سەپاندنی غەرامە یان سنووردارکردنی هەندێک مامەڵە و مافی کارگێڕی؛ ئەو سزا و سنووردارییانە بە یاسا دیاری دەکرێن.

تەمەنی دەنگدان و مافی بەشداری لە هەڵبژاردن

بۆ گەنجان لە تەمەنی 16 ساڵییەوە، تۆمارکردن لە تۆماری دەنگدەران و دەنگدان بە شێوەیەکی ئیختیاری ڕێگەپێدراوە؛ بەڵام کەسانی خوار تەمەنی 16 ساڵ مافی دەنگدانیان نییە.

هاوڵاتیی بەرازیلی دەتوانێت لە تۆماری هەڵبژاردندا ناوی تۆمار بکات و بەپێی ئەم ڕێسایانەی خوارەوە دەنگ بدات:

1. تەمەنی 18 تا 70 ساڵ :دەنگدان، وەک ڕێسایەکی گشتی، ئیجباریيە.

2 . تەمەنی 16 یان 17 ساڵ :دەنگدان ئیختیاریيە.

3 . کەسانی تەمەنی زیاتر لە 70 ساڵ :دەنگدان ئیختیاریيە.

4 . کەسانی نەخوێندەوار :دەنگدان ئیختیاریيە.

مەرجەکانی کاندیدبوون لە هەڵبژاردنەکاندا:

دەستور و یاساکانی هەڵبژاردن کۆمەڵێک مەرجی شایستەیی دیاری دەکەن، کە کاندید دەبێت پێیانەوە پابەند بێت. گرنگترین مەرجەکان ئەمانەن:

1 . هاوڵاتیبوونی بەرازیلی: بۆ کاندیدبوون بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمار، مەرجە هاوڵاتیبوونی بەرازیلی بە لەدایکبوون هەبێت.

2 . بەهرەمەندبوون لە مافە سیاسییەکان: کاندید دەبێت لە مافە سیاسییەکانی خۆی بەهرەمەند بێت و هیچ کۆسپێکی یاسایی بۆ کاندیدبوونی نەبێت.

3 . تۆمارکردنی هەڵبژاردنی کاندید: دەبێت لە تۆماری دەنگدەراندا تۆمار کرابێت و بارودۆخی یاسایی و هەڵبژاردنیی خۆی لەبەردەم دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکاندا ڕێکخستبێت.

4 . کاندیدبوونی سەربەخۆ: کاندیدبوونی سەربەخۆ بەبێئەوەی سەر بە حیزبێکی سیاسی بێت، ڕێگەپێدراو نییە.

5. نیشتەجێبوون و ئەندامێتیی حیزبی: کاندید دەبێت لە بازنەی هەڵبژاردنیی پەیوەندیداردا نیشتەجێ بێت و بەپێی ماوەی دیاریکراوی یاسایی، دەبێت لانیکەم شەش مانگ پێش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکە ئەندامی حیزبەکە بووبێت.

6. بوونی کۆسپە یاساییەکان بۆ کاندیدبوون: هەندێک حاڵەتی مەحکومبوونی تاوانکاری و لەدەستدانی مافە سیاسییەکان، بەپێی یاسای نەشیاوی بۆ کاندیدبوون کە بە «یاسای تۆماری پاک» ناسراوە، دەتوانن ببنە هۆی ڕێگریکردن لە کاندیدبوون.

7 . پابەندبوون بە کەمترین تەمەنی یاسایی، بەگوێرەی پۆستەکە:

أ. سەرۆکی کۆمار و جێگری :کەمترین تەمەن 35 ساڵە.

ب. ئەندامی ئەنجومەنی پیران :کەمترین تەمەن 35 ساڵە.

ت. پارێزگار و جێگرەکەی :کەمترین تەمەن 30 ساڵە.

ث. ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی فیدراڵی :کەمترین تەمەن 21 ساڵە.

ج. ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی ویلایەت :کەمترین تەمەن 21 ساڵە.

چ. سەرۆکی شارەوانی و جێگرەکەی :کەمترین تەمەن 21 ساڵە.

ح. ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی: کەمترین تەمەن 18 ساڵە.

خ- ژینگەی ناوخۆی پارتی سیاسی: کاندیدەکان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی حیزبە سیاسییەکان و لە ڕێگەی کۆنگرەکانی حیزبەوە هەڵدەبژێردرێن؛ پاشان کاندیدبوونیان بە شێوەیەکی فەرمی تۆمار دەکرێت.

میکانیزمی دەنگدان

بەرازیل لە ساڵی 1996ەوە بە شێوەیەکی سەرەکی سیستمی دەنگدانی ئەلەکترۆنی بەکاردەهێنێت. لەم سیستمەدا، دەنگدەر لە ناو کابینەی دەنگداندا و بە بەکارهێنانی تەختەکلیلی ژمارەیی و شاشە، دەنگی خۆی تۆمار دەکات؛ لە ڕەوتی ئاساییی دەنگداندا پەڕەی دەنگدانی کاغەزی بەکارناهێنرێت.

لە سەرەتا، کارمەندی ناوەندی دەنگدان ناسنامە و شایستەیی دەنگدەر پشتڕاست دەکاتەوە و لە هەندێک حاڵەتدا سیستمی ناسینەوەی بایۆمەتری بەکاردەهێنرێت. پاشان، ئامێری دەنگدان چالاک دەکرێت تا دەنگدەر ژمارەی لیستی هەڵبژاردنی یان ژمارەی کاندیدەکەی داخڵ بکات. دەنگدەر دەتوانێت ناو و وێنەی کاندیدەکە بپشکنێت، پێش ئەوەی هەڵبژاردنەکەی پشتڕاست بکاتەوە.

دەنگەکان بە شێوەیەکی ئەلەکترۆنی تۆمار دەکرێن. پێش دەستپێکردنی دەنگدان، ئامێرەکە ڕاپۆرتێک چاپ دەکات کە پشتڕاستی دەکاتەوە هیچ دەنگێک تێیدا تۆمار نەکراوە؛ ئەم ڕاپۆرتە بە

ڕاپۆرتی سفر ناسراوە. دوای کۆتاییهاتنی دەنگدانیش، ئامێرەکە ڕاپۆرتی ئەنجامەکان چاپ دەکات، بە شێوەیەک کە دەرفەتی پێداچوونەوە و بەراوردکردنی ئەنجامەکان دابین دەکات.

دەنگدانی کەسانی نەخوێندەوار

دەنگدان بۆ کەسانی نەخوێندەوار ئیختیارییە. ئەم کەسانە دەتوانن بە بەکارهێنانی پەڕەیەکی یارمەتیدەر کە ژمارەکانی کاندیدەکان تێدا نووسراون، بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن. هەروەها، مافی داواکردنی ڕێنماییان هەیە بۆ چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئامێری دەنگدان، بەبێ ئەوەی نهێنیبوونی هەڵبژاردنیان تێک بچێت.

ئەگەر دەنگدەر نەتوانێت واژۆ بکات، دەتوانرێت بەگوێرەی ڕێکارە پەسەندکراوەکان، بە بەکارهێنانی پەنجەمۆری گەورەی دەست، بەشداریی ئەو لە دەنگداندا پشتڕاست بکرێتەوە.

دەنگدانی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت

سیستمی هەڵبژاردنی بەرازیل کۆمەڵێک ئامرازی یارمەتیدەر دابین دەکات، لەوانە تەختەکلیلی تایبەت بە نیشانەکانی بریل بۆ کەسانی نابینا و دەرخستنی زانیاری بە شێوەی دەنگی. هەروەها، بۆ کەسانی کەڕ و کەمبیستن، زانیاری بە زمانی ئاماژە پێشکەش دەکرێت.

جگە لەوەش، بنکەکانی دەنگدان بۆ پێداویستییەکانی کەسانی کەمئەندام گونجاو دەکرێن و پێشینەیی بە کەسانی کەمئەندام و ئەوانەی لە جوولەکردندا سنووردارییان هەیە دەدرێت. لەولاشەوە یاسای هەڵبژاردن ڕێگە بە دەنگدانی یارمەتیدەر دەدات؛ واتە دەنگدەر دەتوانێت دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی سەرپەرشتیاری بنکەی دەنگدان و بەپێی ڕێکارە پەسەندکراوەکان، لە ناو کابینەی دەنگداندا سوود لە یارمەتیی کەسێکی متمانەپێکراو وەربگرێت.

میکانیزمی ژماردنەوە و هەژمارکردنی دەنگەکان

بەرازیل سیستمی ئەلەکترۆنی بۆ جیاکردنەوە و هەژمارکردنی دەنگەکان بەکاردەهێنێت و ئامێری دەنگدانیان هەیە، کە پشکنین بۆ دروستیی دەنگدەران دەکات و دوای کۆتاییهاتنی دەنگدان، دەنگەکان هەژمار دەکات.

دواتر، ڕاپۆرتی ئەنجامەکانی بنکەکانی دەنگدان چاپ دەکرێت و داتاکان بە شێوەیەکی ئەلەکترۆنی بۆ سیستمەکانی کۆکردنەوەی ئەنجامەکان، کە سەر بە دەسەڵاتی هەڵبژاردنن، دەنێردرێن.

ئامێرەکانی دەنگدان لە ماوەی دەنگداندا بەبێ ئینتەرنێت کار دەکەن. بەم پێیە، سیستمەکە پشت بە دەنگدانی ئەلەکترۆنیی تەواو و جیاکردنەوە و هەژمارکردنی ئەلەکترۆنیی دەنگەکان دەبەستێت.

ماوەی دەنگدان

ماوەی دەنگدان 9 کاتژمێرە؛ بەپێی کاتی پایتەخت، لە کاتژمێر 8ی بەیانییەوە دەستپێدەکات و تا کاتژمێر 5ی ئێوارە بەردەوام دەبێت. لە دیاریکردنی کاتی دەستپێکردن و کۆتاییهاتنی دەنگداندا، جیاوازییەکانی کاتی ناوخۆیی ناوچەکانیش ڕەچاو دەکرێن. ئەگەر لە کاتژمێر 5ی ئێوارەدا هێشتا دەنگدەر لە ڕیزدا چاوەڕێی نۆرەی خۆی بێت، دەنگدان لەو ناوەندانەدا بەردەوام دەبێت تا ئەو دەنگدەرانە دەنگی خۆیان بدەن.

ژمارەی بنکەکانی دەنگدان

لە ناوخۆی بەرازیل زیاتر لە 95 هەزار بنکەی دەنگدان هەیە. لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا، ژمارەی 499248 پۆستی دەنگدان تۆمار کراوە. هەڵبژاردنەکان لە 186 شار لە دەرەوەی بەرازیل بەڕێوەچوون و لەو شارانەدا 1351 وێستگەی دەنگدان هەبوو.

هەڵمەتی هەڵبژاردن

بانگەشەکانی هەڵبژاردن لە بەرازیل لەژێر چاودێریی دادگای باڵای هەڵبژاردن (TSE) ئەنجام دەدرێن. یاسا کات و ڕێوشوێنەکانی بانگەشەکان، شێوازەکانی ڕیکلام و سنووری یاساییەکانیان ڕێکدەخات.

1. کاتی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن

بانگەشەکانی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی فەرمی، بە گشتی لە 16ی ئابی ڕۆژژمێری ساڵی هەڵبژاردندا دەستپێدەکەن.

2. بانگەشەی میدیایی

بانگەشە لە ڕێگەی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆوە بەڕێوە دەچێت و بەپێی پێوەرە یاساییەکان، کاتی بێبەرامبەر بۆ کاندیدەکان و حیزبە سیاسییەکان تەرخان دەکرێت.

3. بانگەشەی دیجیتاڵی

بانگەشەی دیجیتاڵی ڕێگەپێدراوە، بەڵام دەبێت پابەندی مەرج و ڕێسای دیاریکراو بێت و کردارە نایاساییەکانیش قەدەغەکراون.

4. سنووردارکردنی بەکارهێنانی سەرچاوە گشتییەکان

سنوور و ڕێگری لە بەکارهێنانی نایاسایی سەرچاوە گشتییەکان، دەسەڵاتی سیاسی و کاریگەریی ئابووری بۆ مەبەستی بانگەشەی هەڵبژاردن دانراوە.

5. ڕێکخستنی چالاکییەکانی بانگەشەکردن

دەسەڵاتی هەڵبژاردنەکانی بەرازیل لە حاڵەتی ڕودانی پێشێلکارییەکاندا، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە زانیاریی گومڕاکەر و هەواڵی نادروستەوە هەیە، دەستێوەردان دەکەن.

هەروەها، یاسا ڕێکخستنی پۆستەر، بڵاوکراوە، کۆبوونەوەی جەماوەری و چالاکییە دیجیتاڵییەکان دەگرێتەوە؛ ئەمەش بەپێی ڕێسا و یاسا پەیوەندیدارەکان، کە لە هەر هەڵبژاردنێکدا جێبەجێ دەکرێن.

خەرجی و دارایی دابینکردنی هەڵبژاردن

پارە و سەرچاوە داراییە کۆکراوە و خەرجکراوەکان لە ماوەی بانگەشە کانی هەڵبژاردندا، لەژێر کۆمەڵێک ڕێسای یاسایی و ژمێریاری کار دەکەن. ئامانجی ئەم ڕێسایانە بەرزکردنەوەی ئاستی شەفافیەت و کەمکردنەوەی کڕینی کاریگەریی سیاسی لە ڕەوتی هەڵبژاردندا. ئەم ڕێسایانە ئەمانە دەگرنەوە:

1 . دیاریکردنی زۆرترین بڕی خەرجیی ڕێگەپێدراو بەپێی پۆستی هەڵبژاردنی.

2 . کردنەوەی هەژمارێکی بانکیی تایبەت بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی.

3 . پابەندکردنی کاندیدەکان و حیزبە سیاسییەکان بە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی دارایی بە دەسەڵاتی هەڵبژاردنەکان.

سەرچاوە یاساییەکانی دارایی‌دابینکردنی بانگەشەکان جۆراوجۆرن و بریتین لە پارە گشتییە تەرخانکراوەکان، بەخشینی ڕێگەپێدراوی تاکەکەسی و سەرچاوە داراییە کەسییەکانی کاندید، لە چوارچێوەی سنووری یاساییەکاندا.

بەخشینی ڕاستەوخۆی کۆمپانیاکان بۆ بانگەشەکانی هەڵبژاردن قەدەغەیە. هەروەها، بۆ دارایی‌دابینکردنی کەسیی کاندید سنوور دانراوە، بە شێوەیەک کە نابێت لە 10٪ی زۆرترین بڕی خەرجیی دیاریکراو بۆ ئەو پۆستە زیاتر بێت.

پێشێلکردنی ئەم ڕێسایانە دەتوانێت ببێتەهۆی سەپاندنی غەرامە، ڕەتکردنەوەی هەژمارە داراییەکان یان سزای هەڵبژاردنیی دیکە.

چاودێریی هەڵبژاردنەکان:

سیستمی هەڵبژاردنی بەرازیل ڕێگە بە چاودێریی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی هەڵبژاردنەکان دەدات، بەگوێرەی ڕێسا و مەرجەکانی مۆڵەتپێدان کە لەلایەن دادگای باڵای هەڵبژاردن (TSE) دیاری دەکرێن. ئەم چاودێرییە دەرفەت بۆ بەدواداچوونی قۆناغەکانی ئامادەکاری، دەنگدان، ژمارەوە و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان دابین دەکات؛ لەگەڵ پابەندبوون بە بێلایەنی، سەربەخۆیی و دووڕکەوتنەوە لە دەستێوەردان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا.

أ. چاودێریی نێودەوڵەتی

بەرازیل وەفد و شاندە چاودێرییەکانی ڕێکخراوە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان وەردەگرێت. لە گرنگترین ئەم ڕێکخراوانەدا ئەمانە هەن، ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکا.(OAS) و پەرلەمانی مێرکۆسور و ناوەندی کارتەر و یەکێتیی ئەورووپا، یەکێتیی وڵاتانی عەرەبی، تۆڕی دامەزراوەکانی هەڵبژاردنی وڵاتانی پورتوگالی زمان(ROJAE-CPLP)، دامەزراوەکانی هەڵبژاردنی یەکێتیی ئەمریکایی (UNIORE).

ب. چاودێریی ناوخۆیی

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دامەزراوە ئەکادیمییەکان و دامەزراوە نیشتمانییە شیاوەکان بەشداری لە چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکاندا دەکەن. لە گرنگترین ئەم دامەزراوانەدا ئەمانە هەن، ڕێکخراوی Transparência Electoral Brasil، زانکۆی پاپایی کاسۆلیکی لە ساو پاولۆ، زانکۆی ویلایەتیی ڕیۆ دێ ژانیرۆ، زانکۆی فیدراڵیی یەکگرتنی ئەمریکای لاتین. وە بزووتنەوەی دژە گەندەڵیی هەڵبژاردنی.

دادگای باڵای هەڵبژاردن (TSE) بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ پێشوازی لە میوانانی نێودەوڵەتی هەیە. بەشداریی بەرپرسان و شارەزایانی بیانی لە چوارچێوەی ئەم بەرنامەیەدا، بە مانای ئەوە نییە کە بە شێوەی فەرمی وەک چاودێری نێودەوڵەتیی هەڵبژاردن پۆلێن بکرێن.

تانەکانی هەڵبژاردن و یەکلاکردنەوەیان

یاسای هەڵبژاردنی بەرازیل ڕێگە بە تانەدان و سکاڵاکردن لە پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردن دەدات. بەڵام یەک کاتی یاسایی یەکگرتوو و هاوبەش نییە بۆ پێشکەشکردنی هەموو جۆرەکانی تانەدان و سکاڵاکان؛ چونکە مۆڵەتی پێشکەشکردنی ناڕەزایەتییەکە و دەسەڵاتی دادگا تایبەتمەندەکە، بەپێی بابەتی ناڕەزاییەکە و قۆناغی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە دەگۆڕێت. ئەم ڕێکارانە بە شێوەی خوارەوەن:

1 . تانەدان لە بڕوانامەی دەرچوونی کاندیدی براوە

ماوەی یاسایی بۆ پێشکەشکردنی ئەم جۆرە ناڕەزاییە سێ ڕۆژە. ئامانجی ئەوەیە شایستەیی کاندیدی براوە یان دروستیی یاساییی بڕوانامەکەی بخرێتە ژێر پرسیار، بە پشتبەستن بەو هۆکارانەی کە یاسا دیاری کردوون.

2 . تۆمارکردنی داوای یاسایی بۆ لابردنی کاندیدی براوە

ئەم داوایە دەبێت لە ماوەی 15 ڕۆژ لە بەرواری دەرکردنی بڕوانامەی هەڵبژێردراو پێشکەش بکرێت. بنەمای ئەم داوایە بریتییە لە بەڵگەکانی پەیوەندیدار بە گەندەڵیی هەڵبژاردنی، ساختەکاری یان خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی ئابووری.

3. تانەدان لە دژی تۆمارکردنی کاندید و سەرپێچییەکانی بانگەشە و ڕێکارەکانی دەنگدان

ماوەی پێشکەشکردنی ئەم ناڕەزاییانە، بەگوێرەی جۆری داوا و بڕیارەکەی کە ناڕەزایی لەسەر کراوە، جیاوازە. ئامانجیان چارەسەرکردنی پێشێلکارییەکانە، پێش ڕاگەیاندنی ئەنجامە کۆتاییەکان یان دوای ئەوە، بەپێی ڕێڕەوی یاساییی گونجاو.

بەپێی بڕگەی 10ی ماددەی 14ی دەستوری بەرازیل، داوای یاسایی بۆ لابردنی کاندیدی براوە، دەبێت لە ماوەی 15 ڕۆژ لە دەرکردنی بڕوانامەکەدا پێشکەش بکرێت. هەروەها، پێویستە داواکارییەکە پشت بە بەڵگەی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی ئابووری، گەندەڵی یان ساختەکاری ببەستێت. یاسای هەڵبژاردنیش ڕێکارەکانی تانەدان و سکاڵاکردنی لە بەرامبەر دەرکردنی بڕوانامەی کاندیدی براوە ڕێکخستووە.

دادگاکانی یەکلاکردنەوەی تانە و سکاڵاکانی هەڵبژاردن

پێگە و ناوەڕۆکی بابەتەکان ئەوە دیاری دەکەن، کە تانەکان بنێردرێن بۆ چ دادگایەکی تایبەتمەند.

1 . دادگای باڵای هەڵبژاردن (TSE)

ئەم دادگایە مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتانەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەکات کە دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیەوە، لەگەڵ ئەو سکاڵایانەی کە یاسا یەکلاکردنەوەیان دەخاتە ئەستۆی ئەم دادگایە.

2 . دادگاکانی هەڵبژاردنیی هەرێمی (TREs)

ئەم دادگایانە یەکلاکەرەوەی زۆرێک لەو ناکۆکیانەیە، کە پەیوەندیدارن بە هەڵبژاردنە هەرێمی و فیدراڵییەکان لە ناو ویلایەتەکاندا؛ لەوانەش ناکۆکییەکانی پەیوەندیدار بە هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران، بەپێی ڕێساکانی دابەشکردنی دەسەڵات.

3. دادگای هەڵبژاردنی پلە باڵا

لە هەندێک حاڵەتدا دەتوانرێت، بەپێی یاسا، لەبەرامبەر هەندێک لە بڕیاری دادگاکانی هەڵبژاردنیی هەرێمی لە دادگای باڵای هەڵبژاردن (TSE) تانە پێشکەش بکرێت.




پەسەندکردن و پشتڕاستکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن

دادگای باڵای هەڵبژاردن (TSE) بەرپرسی ڕاگەیاندن، پەسەندکردن و پشتڕاستکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییە، بەپێی ڕێکارە یاساییە پەیوەندیدارەکان.
بەڵام، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لەلایەن دادگاکانی هەڵبژاردنیی هەرێمییەوە ڕادەگەیەنرێن و پەسەند دەکرێن؛ هەمان ڕێکار بۆ ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پیرانیش جێبەجێ دەکرێت.

ئەنجامەکانی خولی یەکەم و دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی بەرازیل (2026)

بەو پێیەی سیستمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دوو خولییە، لەبەرئەوە ئەگەر لە خولی یەکەمدا هیچ کاندیدێک زیاتر لە نیوەی دەنگەکانی بەدەست نەهێنا، ئەوا دەبێت خولی دووەم لە نێوان دوو کاندیدەدا دووبرە بکرێتەوە، کە زۆرترین دەنگیان هێناوە.
خولی یەکەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بەرازیل، کە ڕۆژی یەکشەممە، 4ی ئۆکتۆبەری 2026 لەنێوان 12 کاندیددا ئەنجامدرا هیچکام لە کاندیدەکان زیاتر لە نیوەی دەنگە دروستەکانیان بەدەست نەهێنا. لەبەرئەوە 21 ڕۆژ دوای خولی یەکەم و لە ڕۆژی 25ی ئۆکتۆبەری .2026دا خولی دووەم لە نێوان "لولا دا سیلڤا"ی کاندیدی پارتی کرێکاران و "فلافیو بولسۆنارۆ"ی کاندیدی پارتی لیبرالدا ئەنجامدرا.

هەڵبژاردنی خولی یەکەمی سەرۆکایەتی بەرازیل:



ئەنجامەکانی خولی یەکەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بەرازیل

(4ی ئۆکتۆبەر/ 2026)

کاندیدان	پارتە سیاسییەکان	ژمارەی دەنگەکان	ڕێژەی سەدیی
فلافیو بولسۆنارۆ	پارتی لیبرالّ (PL)	56,104,503	٪47.03
لوئیس ئیناسیو لولا دا سیلڤا	پارتی کرێکاران(PT)	53,879,538	٪45.16
ئۆگۆستۆ کۆری	AVANTE	3,448,569	٪2.89
ڕێنان سانتۆس	MISSÃO	2,675,887	٪2.24
ڕۆنالّدۆ کایادۆ	PSD	2,605,148	٪2.18
حەوت کاندیدەکەی دیکە	پارتەکانی دیکە	587,143	٪0,50
کۆی گشتی		119,300,788	%100

وەک لە خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، لە خولی یەکەمی هەڵبژاردندا، هیچ کاندیدێک زۆرینەی ڕەهای دەنگە دروستەکانی بەدەست نەهێناوە؛ لەبەرئەوە "فلافیو بولسۆنارۆ" و "لولا دا سیلڤا" چوونە کێبڕکێی خولی دووەمەوە.




ئەنجامەکانی خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بەرازیل

(25ی ئۆکتۆبەر/ 2026)

کاندیدان	پارتە سیاسییەکان	ژمارەی دەنگەکان	ڕێژەی سەدیی
لولا دا سیلڤا	پارتی کرێکاران (PT)	64,256,232	٪51.79
فلافیو بولسۆنارۆ	پارتی لیبرالْ (PL)	59,826,041	٪48.21

وەک لە ئەنجامەکاندا دەردەکەوێت؛ لە خولی دووەمدا جیاوازیی ژمارەی دەنگەکانی نێوان هەردوو کاندیدەکە 4 ملیۆن و 430 هەزار و 191دەنگ بوو، بەوەش لولا دا سـیلڤا لە رکەبەرە کەی بردەوە و بووە سەرۆکی بەرازیل.



Kurdish Institute for Elections
یەنیامگەی کوردی بۆ هەلبژاردن

STEP
for Democracy and Elections

Brazilian Presidential Election

October 2026

